North America Committee of
Komala Party – Iranian Kurdistan

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
مەڵبەندی ئامریکای باکوور

# راپۆرتێک لەسەر یادکردنەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە

یادی ٢٠مین ساڵرۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە لە شاری هەمیلتۆن سەر بە پاریزگای ئۆنتاریۆی کەنەدا ریزی لی گیرا سەر لە ئێوارەی رۆژی یەکشەممە ١٦ی مارچ بە ئامادە بوونی حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان و کەسایەتیە ئەدەبی و هونەری و ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتوی کەنەدا، کۆرێک بۆ یادی قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە ساز درا. لایەنە سیاسی و رێکخراوەکان کە بریتی بون لە؛ کۆمیتەی رێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، تەشکیلاتی کەنەدای کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ماڵی کورد لە تۆرنتۆ و سەنتەری کۆمەڵەی کوردی لەندەن.

سەرەتا بەناوی کۆمیتەی هاوبەش بەخێرهاتی بەشدار بوانیان کرد وبە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی قوربانیانی کیمیبارانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان، راوەستان.

پەیامی هاوبەشی لایەنە سیاسیو ریکخراوەکانی بەشداربو پیشکەشکرا کە تییدا ئاماژە بە بەکار هێنانی چەکی ژەهراوی قەدەغەکراو لەلایەن دەوڵەتی سەدامی لە ناو چوو کرا کە بو بە هۆی کوژران و خنکانی نیزیک ٥٠٠٠ کەسی بێتاوان لە منداڵ و ژن و پیاو و بریندار و ژەهراوی بوونی نیزیک ١٥٠٠٠ کەس کە ئێستاش پاش چەندە ساڵ ئاسەواری لە لەشی زۆربەیاندا ماوەتەوەیان گیان دەدەن هەروەها ئاسەواری لەسەر زیندەوەرەکان، سروشت و ژینگەی ناوچەکە ماوەتەوە.

لە بەشێکی دیکەی وتارە هاوبەشەکەدا لەگەڵ دەربرینی خەمو پەژارە بۆ ئەو تراژدیا دژئینسانیە هیوادارن کە ئەم یادکردنەوانە پێداگری لەسەر سرینەوەی ئاسەواری ئەو کارەساتە ماڵوێرانکەرە

بێت و ببیتە هاندەریش بۆ حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان کە زیاتر بایەخ بە قرەبو کردنەوەی ئەو کەسانەی زیانی مالی و گیانیان دیوە و لە بواری ئاوەدانکردنەوە و گەشە پێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەوڵ بدەن قورسیی ئەو ئازارە کەم بکەنەوە و ژیانیکی باشتریان بۆ دابین بکەن و هەوڵێکی ئینساندۆستانە بدری بۆ چارە سەر کردنی پێویستی لەش بریندارەکان و پەککەوتەکان.

هەوڵدان بۆ ڕەسمی کردنی جینۆسایدی هەڵەبجە لە نێو دەوڵەتانی دونیا و ریسواکردنی ئەو لایەنانەی دەستیان بووە لە فەراهەمکردن و گەیاندنی ئەو چەکە کۆمەڵکوژانە بەدەستی ڕێژیمی بەعس، داواکاریەک بو کە لە پایامەکەدا راگەیێندرا.

لە بەشیدیکەی کۆڕەکەدا فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر کارەساتی هەڵەبجە پیشاندرا پاشان بە خویندنەوەی شێعر و پەخشان لەسەر هەڵەبجە و ئەو کارەساتە دڵتەزینە درێژە بە کۆڕەکە درا.

گرۆپی سرودی کرماشان بە پێشکەش کردنی سروودی نەتەوەیی و ئەی شەهیدان بەشداریان لە کۆڕەکەداکرد.

بەم جۆرە کۆری یادی مەرگەساتی هەڵەبجە دوای3کاتژمیر کۆتایی پیهات.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**مەڵبەندی ئامریکای باکوور**

١٨-٠٣-٢٠٠٨

www.komala.org
**E-mail:** northamerica_komala@yahoo.com

**Mobile:**+
**Teflon:+** 416-8509980
**Fax:+** 416-8509980